# حکومەتی هەرێمی کوردستان (یەکگرتوو)....!

هەندرێن ئەحمەد



لە دوای تەکلیفکردنی سەرۆک وەزیران و جیگرەکەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی یەکگرتوو بە (تەوافوق)ی سیاسی نێوان پدک و ینک و بەشداری چەند حزبێک رەنگە پێک بێت، ئەو جارەیان لە بڕی گوتنی نازناوی پەنجا بە پەنجا دەکرێت بۆ قۆناغی داهاتوو وشەی (تەوافوق) بەکار بهێنین،بەڵام ئەوە مەبەستی باسی ئێمە نیە.بەقەدەر ئەوەی دەمانەوێ لە ئەگەر و توانست و قەڵمڕەوی حکومەتی داهاتوو قسە بکەین.

پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوە یەکگرتووەکەی بەهەردوو ئاراستە سیاسی و ئابووریەکەی بۆ گەلی کوردستان گرنگی خۆی دەبێت.چونکە ئەگەر شەڕی ناوخۆ بۆماوەی زیاتر لە نۆ ساڵ پرۆژەی ئاوادانکردنەوەی هەرێمی کوردسستانی دواخستبێت و لەو ماوە دوورو درێژەدا بە سەدان گەنج بونە قوربانی و بەبێ هۆکارێکی ئەوتۆ گیانیان لە دەست دابێت و دەیان ماڵو خێزان ئاوارە ببون، بەیەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکان رەنگە سنورێک بۆ زۆر لە بارە نێگەتیڤەکانی لیکترازانی هەرێمی کوردستان دابنرێ و سەرلە نوێ بتوانرێت کاربۆ بیناکردنەوەی کەسایەتی تاکی کومەڵگا بکرێت هەنگاو بەهەنگاو کار بۆ ساڕێژکردنی برینەکان بکەین، بەڵام چ لەئەگەرە سیاسیە پێنەگەیشتوەکان بکەین کاتێک وەک بەربەستێکی زەق خۆیان لەبەردەم پرۆسەکە بەگشتی قیت کردبێتەوە کەخودی ئەو بەربەستانە هەروەک بەر لەشەڕی ناوخۆ بە هەمان شێوە و بەهەمان نەفس تا رادەیەکی زۆر بوونیان هەیە؟

رەنگە کەسمان لەوە دوودڵ نەبین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان (یەکگرتوو)ی تەوافوقی پێکدێت، بەڵام رەنگە پرسیارێکی کۆگیر لە لای زۆرێک لە ئێمە هەبێت لەبارەی مسداقیەتی ئەو جۆرە حکومەت و ئەو جۆرە دەسەلاتدارێتیە، ئەگەر چی من هیچ کات بەلای شتە خراپەکان ئەوندە شۆڕ نابمەوە کە نەتوانم بۆ سەرەوە بێمەوە، بەو مانایەی کە بوونی دوو حکومەتم لە نەبوونی هیچ پێ باشترەو و حکومەتی یەکگرتووش بە هەنگاوێکی باش دەزانم لە هەنگاونان بۆ قۆناغێکی دیکەی ململانی سیاسی بەڵام ململانێیەکی دیموکراسیانە.

یەکگرتووی لە حکومەتی داهاتوو بەچەند شێوەیەک لەبواری پراکتیکدا دەیبینین، لەوانە،یەک بڕیار و یاسا بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، کەلە رابردوو چەندین یاسای جیاواز لەیەکتریان دەرکردوە ،رەنگە کار بکرێت بۆ یەکخستنی مەنهەجی خوێندن لە سەرەوە بۆ ئەو سەرەوە کە جیاوازی ئەو دوو مەنهەجە لەکەرکوکدا بە ئاشکرا ببینرێت،هەروەها دەتوانرێت چەندین شتی باش لە ژێر سایەی یەکگرتووی ئیداراتدا ئەنجام بدرێت.بەڵام با ئەوەندەش ساویلکە نەبین وابزانین بە خێرای و بەبێ بارێک لە قوربانی کات و سەروەتوسامان وکێشەی سیاسی ئەو مەسەلەیە رەت دەبیت؟

ئەگەر چی حکومەت لە رواڵەتدا بەیەکگرتووی نیشاندەدرێت بەڵام لە ناوەرۆک وپراکتیکداشتێکی جیاواترە لەوە،دەسەڵاتدارێتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (یەکگرتوو)تا سنوری قەڵەمڕەوی حزبەکەیەتی و هی جیگرەکەشی بەهەمان شێوە،سوپایەک لە ئاسایش و پۆلیسی سەر بەحزب ومولکی حزب و گۆش کراو بە فیکری

حزبایەتی تەسک کە تائیێستاش بەردەوامە، ئەو دڵ ئارامیەمان پێ نابەخشێ کە بەڕادەیەکی زۆر گەشبین، ببین،هەروەها دەیان نموونەی دیکەی ئەگەرەکان هەن کە دەکرێت قسەیان لەبارەوە بکرێت .بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە حکومەتی (تەوافوق)ی ینک وپدک، لەسەر هەمان دیاردەی حکومەت و سیاسەتی تەوافوقی پیادەکراوی گۆڕپانی عێراقییە، کە ئەوەش هەمان گوتەکەی رەفیق سابیری بیریار دەسەلمێنێت کە دەڵێ _دیارەدەکان دژەکانیان لە چەشنی خۆیان دەهێننە بەرهەم! کە زۆر گرنگە لەو تەجرەبەیەدا حکومەتی (توافوقی)یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لاپەڕیەکی گەش تۆمار بکات.